# ڕازی سەربەمۆر

فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# ڕازی سەربەمۆر

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | ڕازی سەربەمۆر |
| بابەت: | شیعر |
| نووسین: | کاوە فاتیحی |
| پێداچوونەوە: | ئیسماعیل ڕاجی |
| هەڵەبڕ: | خالید فاتیحی |
| نەخشەسازیی بەرگ و ناوەڕۆک: | ناوەندی فێربوون |
| لە بڵاوکراوەکانی: | ناوەندی فێربوون |
| نۆرەی چاپ: | یەکەم - 2024 |
| تیراژ: | 500 دانە |

لەسەر ئەرکی: کاڤار فاتیحی چاپکراوە

لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،

ژمارەی سپاردنی (288)ی ساڵی (2024)ی پێ دراوە.

ناوەندی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

**بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند:** عیماد رە شید

**بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە:** ڕەنج عیماد

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون**

ناونیشان: هەولێر- بازاڕی کتێبفرۆشان – بەرامبەر دەرگای قەڵا

07504048285 - 0662231315

ktebxanay ferbwn

**مافی ئەم کتێبە پارێزراوە**

بەبێ ڕەزامەندیی ناوەندی فێربوون بۆ هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە بە شێوەی: ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە.

شیعر

# ڕازی سەربەمۆر

کاوە فاتیحی

# برووکە

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەبوو، کە ئەم هەگبەی (ماچ)ەم بە کۆڵەوە بوو،هەر کە مژوولّیو سەرقاڵیم دەرفەتیان دەدام ، هەگبەم دەکردەوە بۆ ئەوەی لە میانی دەستەبەر کردنی ماچێکی ئاودارو بەچێژ لێوی وشان زێتر لە تیفتیفە بدەمو زاری پەیڤان بۆ مژین لەبارتر بکەم.

(ماچ)، هەر بە تەنێیەکانگیر بوونو ئاوێتە بوونی لێوەکان نییە لە وەرزی چێژێکی فیزیکیداو لە سەرزەمینی ڕوودا، بەڵکو خاڵی کردنەوەی بارگەکانی ڕۆحو، کوشتنی ئەهریمەنەکانی بێمەیلیو تاریکیشە لە چاخەکانی خاچو لە تاخەکانی خەتادا.

هەرچەندە لێرەدا، لەم نامیلکەیەدا ، گرۆڤەی ئەم پەیڤە شیرینەی (ماچ) بەسەر تەواوی دەقو ناوەرۆکی ئەم بروسکە شیعرییانەدا ناچەسپێ،لێ لە دوو توێی زۆربەیاندا :ناڵەی زامی تێنەگەیشتن لە تێگەو گرۆڤو بەرگرۆڤی ماچ ماچی یار)،ماچی سروشت ،ماچی نیشتمان ،ماچی عیشق ،

ماچی ئاڤێستاو..... ) تەوەر بەست دەبێ. کە شاعیر گەرەکیەتی تیایدا بلێسەی گەرمی بۆ زمستانو، فێنکاتی بۆ قرچانو، سەمایەکی دڵکارانە بۆ پەلکو پارەکانی گەڵارێزانی تەمەنو، ژینگەیەکی کەسکتر بۆ مەرامەکانی حەزو مەیلو عیشقی مەملەکەتێکی سووتماک،بگێڕێتەوە .

کاوەی فاتیحی،لەم نامیلکە شیعرییەدا ، خۆی بە سەبکو شەقڵاو شێوازێکی دیاریکراوی دەربڕینی ناخی خۆی نەبەستۆتەوە،بەمەش کارێکی باشی کردووەو ، بە ڕەهاکردنی خامەو هەستو نەستەکانیشی، لە ساتو ترووکەی هەڵچووندا، خۆی لە قاڵبدانو چەقبەستنو دەقبەستن تەشقبەستنو شەقڵبەستن دوور خستۆتەوەو، ڕووبەری هەڵسووڕانێکی نەخشینی لە بوارە جیاوازەکانی دەقەکاندا فەراهەم کردووە.

لە میانی ئەم چەند پەیڤانەشمدا، نامەوێ‌کە دەست بە سەر چێژو ڕوانیینو ڕامانی خوێنەرانی ئازیزدا بگرم، لەبەر ئەوەی کە دڵنیام ئەوانیش دەکارن لەم چاخی خاچەو لەم وەرزی هەڵوەرینی ماچەو لەم تاخی خەتایەدا، سەمایەکی

شۆختر لەگەڵا ناڵەو ئازارو حەزو مەیلو ویستی ئەم هەگبەی ماچەدا بکەن.

هیوای سەرکەوتنو بەردەوامیش بۆ (کاوە فاتیحی)ی هاوڕێی ئازیزم دەخوازم.

ئیسماعیل ڕاجی

**تێبینی:** بەپێویستم زانی ئەو پێشەکیەی برای بەرێزم کاک ئیسماعیل ڕاجی دانیمەوە، کە پێشتر بۆ نامیلکەی (ماچ) ی نووسی بوو. چونکە ئەوەش تەواو کەری هەمان نامیلکەیە.

کاوە فاتیحی

# خەم

ئەو دڵەی من بێ قەرارە،بێ تۆ ساتێ ناسرەوێ
لادە ئەگریجەت لەسەر ڕوو،مانگی چواردە دەرکەوێ
ئەو دڵەم بێزار و تەنگە،چۆن لە سینەم بێتەدەر؟
گەر بە ماچی لێوی ئاڵت،ئەو خەمەی من داکەوێ
من خەیاڵم خەم ڕەوێنە،تۆ دەکاتە هاودەمم
چۆن نەڵێم ڕۆژێ هەزار جار سەد بەڵای تۆم وێکەوێ
من بە یادی زوڵفی تۆوە،مەستی عیشق و بادەتم
چیت دەوێ بێجگە لە ڕوحم. خۆ ئەمن هەر نامەوێ
لادە لەچکی تەسک و تارت،دەرکەوێ شێوەت پەری
هەرکەسێ وەک من بیبینێ،شەو خەوی لێ ناکەوێ
تەیری بەختی من خودایە،چاوەڕێمە بێتەوە
چون بەبێ تۆ ژین مەحاڵە،قەت خەمم لێ ناڕەوێ
ڕازی عیشقت سەربەمۆرە ڕەمزو کۆدی خۆی هەیە
گەر بە مەرگیشم تەواو بێ،هیچ کەس دەستی ناکەوێ .

# کۆچ

ئەو فیراقەت پیری کردم،کۆچت ڕووەو کوێ دەچێ

حافزی تۆم،چاو لەدەستم ڕوح وگیانم دەردەچێ

چەندە بێ مەیلە پەریزاد،دڵ لە داخت بوو بە ئاو

ئەی لە تیری ئەو نیگایەت،چۆن لە جەرگم ڕادەچێ

خوێن لە دوو چاوم دەچۆڕێ،جۆگەلەی هەڵبەستووە

ئاگری سینەم بەجارێ،بۆتە بورکان هەڵدەچێ

زۆر دەمێکە تیری ئەبرۆت،لەت لەتی کردووە دڵم

دەردی دووریت زۆر گرانە،کوا لە دڵما دەردەچێ .

# غەزەلی دڵ

زامی دڵ سەختە ئەوەندە،ئەستەمە چاک بێتەوە
ماچی تۆ شیفایە بۆ دڵ،سەد خەمم دەسڕێتەوە
ها دڵی من گەرمەسێرە،بەستەڵەک خۆی ناگرێ
شەختە لێیدابێ بەجارێ،دڵڕەقیت دەتوێتەوە
کەی دەبێ سارێژ دڵی من،ناڵە ناڵی وەک نەیە؟
تۆ بڵێی خوایە بۆ جارێک،سەربدات و بێتەوە؟
بوومەتە سێبەر لەگەڵتا،هەر وەکو ناوت دەڵێم
تۆ پێناسەی عیشق و جوانی،دڵ لە تۆ نابێتەوە
خۆزگە بۆ جارێ لە لێوت،تێر بکەم ماچی دەمت
تاکو ڕوح مابێ بە بەرما،شیرینی نابڕێتەوە
داخی تۆ داخە لەسەر دڵ،دەمکوژی بەو داخەوە
بێرەوە میوانی دڵ بە،غوربەتت کوێر بێتەوە
چی دەکەی لەم ژینە کورتە؟ بەس خەمی پێوە بخۆ
بێنە دەستەملانی یەکبین،شادیمان نەبڕێتەوە

کۆشکی شادی خەونەکانم،لێی دەخوێنێ کوندەبوو

گەر نەکەی ڕوحمێ بە عاشق،سەختە ئاوا بێتەوە

چارەیی دەردی دڵی من،ماچی لێو و کوڵمی تۆن

وەک شەڕابی کۆنی رۆمن،کەی دەبێ بخورێتەوە؟

ئەی پەری، (**کاوە**)ت بەجارێ وێڵ و شەیدا کردووە

ڕۆژ نییە یادت نەکا دڵ،زامەکەی نەکولێتەوە .

# نۆتە

ئەو کاتانەی کە دەنگی تۆم دێتە بەرگوێ

خۆشی و شادیی،سەرتاپای گیانم دادەگرێ

خەنی دەبم،لەگەڵ لەرە و نۆتەی دەنگت

هەست و هزرم،دەیان  پەیڤ  و شیعر دەچڕێ .

# ئارەزوو

ئارەزوومە تا نەمردووم،بێی نزیکبی لێمەوە

کۆڕی گەرمی ڕەشبەڵەک بێ و دەست لە دەستت نێمەوە

ئای لە دەست جەوری زەمانە،چەند لەگەڵما دڵڕەقە

زۆر دەترسم گۆڕ غەریببم،بۆم نەڕەخسێ بێمەوە .

❊❊

# شیعر چیە؟

شیعر لای من،پێناسەکەی هەستە ،ڕازە

شیعر لای من،توێشەبەرەی ڕاز و نیازە

شیعر لای من،ڕوخسارێکە پڕ لە جوانی

نۆتەی ڕوحە،مۆسیقایە سەد ئاوازە

لەنجەولاری ئەو شۆخەیە دەتهەژێنی

بەرهەمدێنێ،هەرچی وشەی جوان و شازە

موچڕکێکە،سەرتاپای گیانت دادەگرێ

شیعر عەشقە،هەم سووتانە ،هەمیش نازە

هەر کات شیعرێ نەبزوێنێ هەست و نەستت

شیعر نییە،وڕێنەیە ،وەکو قیرەی قەل و قازە .

**ناز**

نازەنینم،نازەکانت ،نازونوزی لێ بڕیم

نەشتەرت هاتن هەزاران،بێ سەبەب جەرگت بڕیم

هیجری تۆ هێندە گرانە،دڵ لە تاوت داتەپی

ژینی بێ تۆ ژەهری مارە،هاتو مەرگت پێ کڕیم

کوا وەفا عەهدو بەڵێنت؟ کەوتوومە دەستی قەدەر

دەستەو ئەژنۆ چاو لە ڕێمە،!تۆش بڕستت لێ بڕیم

# سەفا

من دەزانم ڕۆژێ دادێ،دەمکوژی بەم دەردەوە

ئارەزووم دەڕواتە ژێر گڵ،بەو هەناسەی سەردەوە

با لە سەیری باخی سینەت،تێر بکەم سەیرو سەفا

کوڵمەکەت بگرم بە لێو و،دەست بە لیمۆی زەردەوە

دەی لە خاچمدە بەجارێ،نامەوێ زیللەت بژیم

یان بە ماچێ لەو دوو لێوەت،ئاگرم تێبەردەوە

با ڕەوا بێ من بسووتێم،بۆنکڕووزم لێوە بێ

حازرە ڕوح بۆ ئەوینت،بچتە  ناخی هەردەوە

ساوەرە با ئاوێزان بین،پێنج و دوو ڕۆژێکە ژین

کوا لە جەننەت ڕێگە دەدرێی،!بەو دڵەی وەک بەردەوە؟

# ساقی

ساقی؛ دەخیلم تێکەوە جامێکی شەڕابم
ڕایماڵە لە دڵ هەرچی هەمە دەرد و عەزابم
سووتاوە لەتاوی،هەموو جەرگ و دڵ و دینم
تازە بە پیری بۆچمە من،خێر و سەوابم
ساقی؛ ئەتۆ هاودەردی خەمانی وەرە تێکە
بۆ ماچی پەریزادم،دەبێ هەر بە تەمابم
من،عومری جەوانیم هەموو ڕۆیی بە هەدەردا
پێیوایە کە ئەو شایە و منیش هەر وا گەدابم
یاڕەب چییە تاوان و گوناهی منی عاشق
تاکەی وەکو یوسف ئەسیری زولفی سیابم؟.

# بادە

مەستی بادەی لێوی تۆمە،پێک لەسەر پێک تێکەوە

ڕۆژی ڕووناکم شەوەزەنگ،دەم لەناو دەم پێکەوە

بێڵە با مەستبم بەجارێ،بچمە دنیای خۆم و خۆت

نامەوێ باخی بەهەشتیش،تۆ لەلای خۆت جێمکەوە .

# ڕاز

پەی بە ڕازی دڵم نابەی،هەتا کەی؟

وەنەوزم دێ،سەرم نادەی هەتاکەی؟

لەناو گێژوای خەمدامە،خەمینم

پەشێوە دڵ،ڕوحم ناکەی هەتاکەی؟

لە عیشقتدا وەکو پەروانە وامە

دەسووتێ ڕۆح،لە من ناگەی هەتاکەی؟

# لۆمە

یەک نیگاهی پڕ لە ڕازت،کافیە بۆ کوشتنم
زوڵفەکانت وەک تەنافن،هانێ بیخە گەردنم
لەو دوو کوڵمی خوێن تێزاوت،بیگەزم بۆ یادگار
تا ببێتە ڕەمزی عەشقم،گیانە بۆ دوای مردنم
من وە فادارم بەعەشقت،یا سەری خۆم دادەنێم
بمکوژە و خوێنم حەڵاڵت،بەسیە لۆمە کردنم .

# شین

شیعرێکی تاقانەم هەیە

وەکو دیاری گەر بتەوێ؟

چون شیرین و شۆخ و شەنگی

شیعریشم وەک تۆ خۆشدەوێ

سەیری شیرینی شێوەت کەم

سەد شیعری جوانی لێم دەوێ.

# شەم

بەیادی تۆوە مەستم لێرە بۆیە
شەڕابی کۆنە ساڵم ماچی تۆیە
دەکەم یادت،لەیادم دای هەمیشە
لە غەیری تۆ لە دڵ دا بێ درۆیە
دەچێژم دەردی دووری تۆ دەمێکە
خەیاڵی تۆم لە ناو دڵدا خەمێکە
وەرە بشکێنە تاسەی دەردی دووری
!دیداری تۆ بۆ زامم مەر هەمێکە
وەکو پەروانە باڵی گرت خەیاڵم
شەمم سووتا،لە دەوری روو بە خاڵم
گڕی گرتووە دەروونم،هەر دەسووتێ
نەماوە روح. وەکو شووشەی بەتاڵم
خەمی پەرت و بڵاوم چۆن دەبن جەم؟
لەسەر چاوم دەمێکە نیشتووە تەم
دەبێ کەی بێ،کە ئاواتم وەدی بێ
کە سایەی تۆم لەسەر نەڕوا هەموو دەم.

# دیوان

لەکام دێڕی شیعرم دەچی

هێندە شیرین و  ئاوداری؟

لە کام وشەی ناسک دەچی

لە بۆ خوێنم شادەماری؟

تۆ خۆت دیوانێکی شیعری

لە ناو خەیاڵی پڕ هەستم

ناونیشان و پێناسەمی

!!.لەدێڕ بە دێڕی هەڵبەستم

# سەودا

دەبا  سەودای من و تۆ بێتە کایە

لە تۆ ماچ و،منیش گیانم فیدایە

لەبازای موحیبەت وایە سەودا

ئە تۆ بیدە لە لێوت،ماچ ،کەوایە

ئەمن روحم،لەبەر ماچێ دەبەخشم

نییە باکم لە لۆمەی خەڵکی دوایە!

ئاوا مەبە

ئاوا بوونت بێ هودەیە

هەر دێیەوە

لەگەڵ باران،

ئەی شاژنی ئەم سەدەیە.

پەرێشانم دەزانی دڵ پەشێوە
ئەوە دەمرم لەتاوانت،لەجێوە
عیلاجی من،لە دەستی تۆیە بۆیە
بکە ڕوحمێ،بە ماچت لەو دوو لێوە .

لەو ڕۆژەوە بێ هەواڵی
ئەم هەوارەت چۆڵکردووە
شیعرەکانم،لە جێی شادی
ماتەم لە ڕوویان نیشتووە
مەرگیش هەواڵم ناپرسێ
ئەویش ڕقی هەڵگرتووە.
***
لە چاوانم قەت پیر نابی،
هەر جوان و جوانتر دەبی
بۆ سوکنایی و ئارامی دڵ
وزە بەخشی،گەر تۆ هەبی
کێ ئیرەیی بە تۆ دەبا
لە چاوانی کوێر بێ،ڕەببی .

# خەیاڵ

خەیاڵم دێت و دەفڕێ،وەک مەلێکە

دەسووتێ چەشنی پەروانەی شەمێکە

وەرە لا دە،لە سەرچاوم تەم و خەم

دیدارت بۆ دڵی من مەرهەمێکە

کڵۆڵ و کز،لە هەیوانی مەحەببەت

لەگەڵ خەمدا بوومە هاوەڵ دەمێکە

دەکەم یادی جەوانی،گەر دەهاتی

لەیاد ناچێ،ئەوەش بۆخۆی خەمێکە ...

***

قەرەجێکی بێ لانەمە

وەکو پووشی دەم ڕەشەبا

دەبوومە خاوەن پێناسە

ئەگەر مەیلێکی تۆم هەبا.

❊❊❊

لەناو عیشقی مەجازییدا،دەسووتێ دڵ لەتاوانی

سووتانم چەشنی پەروانە،گڕی گرتووە بە پەنهانی

دەمێکە دەردی بێ تۆیی،هەناسەساردی کردوومە

ڕەشە بەختم،سیاچارەم ،هەتا کەنگێ چاوەڕوانی .

❊❊❊

هەرچەند جارێکی کە دێنم ناوت

دێنیتە لەرزە،سەرتاپای گیانم

موچڕکێکی خۆش دێنی بە لەشما

عومرێکی تازە،دەدەی بە ژیانم .

❊❊❊

دڵ لە گۆشەی بێکەسیدا،مات و بێ حاڵ کەوتووە

ڕەش بووە بەختم بەجارێ،بێ خەیاڵ بۆی خەوتووە

ئای چ کۆستێکی گرانە،دەردی دووری دڵبەران

خوا دەزانێ لەو دوو چاوەم،چەندە ئەشکم رشتووە؟

خوێن لە چاوانم بە خوڕدێ،بێ کەسم لەو غوربەتە

سەیری روخساری کەساسم،رەنگی مردووی گرتووە .

❊❊❊

ئەی فەلەک تاکەی بەشم بێ،هەر بژیم بەم دەردەوە؟

دابنیشم دەست بە ئەژنۆ،کوردە هەستە لەو خەوە

هەر لە ڕێبەندانی عیشقا بانگی ئازادی دەڵێم

هەستە ڕابە تێبکۆشە،لەو کەلە دەی سەرکەوە .

# (كازه و كاڤار)

له چاوانما گەورە نابن
هەر منداڵەکەی جارانن
بۆ تینوێتی گیانی بابە
هەمیشە نمەی بارانن
من چیم هەیە
لە دڵ زیاتر بۆتان بێنم
تا وەک مۆمێک
لەسەر کێکی تەمەنتانا دایگیرسێنم!؟
***
شەوی ئەستێرە باران بوو کەهاتی
وەکو مانگ بووی لەبەختی من هەڵاتی
پەریزادی شەوی شەوگاری پایز
خوا تۆی نارد،وەکو دیاری و خەڵاتی .

***

به دەنگی پێی،بە ترپەی دڵ ،دەڵێن دێ

ئەگەر هاتی،سەرم دانێم بەڵێن بێ

سۆمای چاوم لەمێژە،کزبووە بۆت

دەبا بمرم،کە چاوێکت لە من بێ .

# زام

کەم ڕۆژ هەیە،
هەواڵێک دڵم داخ نەکا
زامێکی کۆن نەکولێتەوە
کەم ڕۆژ هەیە،
دایکێک ملی بە کوێن نەبێ،
بەرۆکی دانەدڕێتەوە
کەم ڕۆژ هەیە،
مەرگ ماڵ بە ماڵ نەگەڕێ
بە گوللە و پەتی سێدارە
ڕوحمان ئاشنای گۆمی خوێنە،
گەلێکم هەر تازیەبارە
کەم ڕۆژ هەیە،
وڵاتی شەلاڵ لە خوێنم

پرسەی مەرگی خۆی نەگێڕێ

هەموو ڕۆژێ

باوکی جەرگ هەڵقرچاوم

نزا نەکا و بۆ بارەگای خوای نەنێرێ

تاکەی بەشمان

خەم و پەژارە و مەیەنت بێ؟

تاکەی ملمان

بۆ سێدارە هەر چاوەرێی

دار و پەت بێ؟.

# مێژوو

چەند لە مێژوو ورد ببمەوە
وشە و دێڕی بخوێنمەوە
نەمدی خۆنەویست وەک (قازی)ی
بۆ کۆمار و بۆ ڕێبازی
ڕوحی خۆی دانا بە دیاری
بوو بە مەشخەڵی ڕزگاری
خۆی کرد بە قوربانی وڵات
بوو بە سیمبولی ڕۆژهەڵات
لای هەموومان تاجی سەری
پێشەوامان و ڕابەری
بەبێ خەمی سەر بنێوە
ڕۆژی ڕزگاری بەڕێوە
ون ناکەین تا مردن ڕێگات
تا کورد بە ئاواتی دەگات.

# نامه

نامەکەی ناردت دەزانی؟ عومرەکەی نوێکردمەوە

ڕۆژی تاڵی و دەردو مەینەت،سەد خەمی بیر بردمەوە

کانی شلوێ بوو دڵی من،ماتەمی لێ نیشتبوو

تەیری بەختم ڕووی لە من کرد،!گرێی بەختی بۆ کردمەوە

❊❊❊

زۆر حەزدەکەم بە عەشقی تۆ

بمرم و سەر بنێنمەوە

وەکو نێرگزی بەهاران

لەپێ دەشتی ئەوینی تۆ بڕوێمەوە

دەلێمگەرێ ئاخر کچێ

تا نەمردوم لەناو ناخت بتوێمەوە.

# ژینا

گوڵاڵەی سوور لە باخچەی ژین ڕوواوە

بە خوێنی لاوی ناکام ئاو دراوە

هەناسەی کیژی کوردە بۆتە بورکان

تەلاری دوژمنی کردە،کەلاوە

دەکەن فیدا دڵ و گیان کیژو کوڕمان

دەزانن دڵنیان،چی وای نەماوە

شەکەت بوونە ڕوح و جەستەم دەمێکە

وەکو پۆڵاین،لە تۆ وایە چەماوە؟

ئەمن کوردم ڕەگ و ڕیشەم لە خاکە

بەڕوو و مازوم،ڕەگی خۆم داکوتاوە

لە پێشەنگی خەباتم،ژن ژیانە

لە دیلی دەرچووە،شۆڕشی بە ناوە

دەمێکە ڕەش دەپۆشین شین دەگێڕین

(بەرۆکی پیرە دایکان هەر دڕاوە)

چلەی زستان تەواو بوو،پیرە ئاخوند

جبە و ڕیشت لە ژێر پێم،تورڕ دراوە

دەبێ هەڵبێ خۆری هیوای وڵاتم

دەزانی چەندە خوێنم لێ ڕژاوە؟

بە ئازادی بژیم،دوور بم لە دیلی

بڵێم ئۆخەی،وڵاتی منیش حەساوە .

# گراوی

گراویی خۆم،پەریزادی ئەوینم
خەیاڵی من،ئەتۆی عیشقی بەتینم
وەرە جێژوانی سەرکانی و دەراوان
دەبا نەمرم لە سوێی ماچێک لەتاوان
ئەتۆی ئۆخژنی دڵ هەر وەک هەناسەم
بە ماچێکی لە لێوت دەشکێ تاسەم.

***

ئەتۆ حاڵی لە حاڵی من،کە من بێحاڵ و عەودالْم؟
چییە چارەی قەدی ئەلفم. چەما پشتم،زمان لاڵم
وەکو تەیری تەریو وایە،دڵی بێ ماڵ و سەرگەشتە
دەس و پەنجەت حەنایی بوون،!بە خوێنی دیدەکەی ئاڵم

# وێنە

وێنەکەت دەرمانی دەردە،بۆ دڵی من مەرهەمە
کاتی دڵتەنگی دەزانی،لابەری دەرد و خەمە
پێم دەبەخشێ هێزو توانا،گورج و گۆڵە ئەو دڵە
ئەو پەریزادە لە چاوم،کوانێ وێنەی؟ ئەستەمە .

خەمم کڕیـــــوە لە بازاری موحیــببەت
نەهات شادی،بەرەو ڕووم نەمدیوە قەت
هەمان داخــــــە لەسەر دڵما بەجێمـــــا
لە چاوانم بە خوڕ دێن ئەشکی حەسرەت!

❋❋❋

خۆزگە بەو ڕۆژە کە دیتم،دڵ لە تاوی ڕاچەنی
ئەی کە ڕوخساری شیرینە،دڵ دەبێ شاد و خەنی
ئەو پەریزادەی ئەوینە،من خولام و چاو لەدەست
مایلی ماچە دوو لێوی،خۆشە ئاوی گەردنی .

خەیاڵی پەرچەم و زولفت،تەنیی ڕێگەی نەجاتی من

هەتاکەی تاڵیی تۆ نۆشکەم،وەرە نوقڵ و نەباتی من؟

تەماشا شێوە گۆڕاوم،بزەش نایەتە سەر لێوم

بیکە دیاری لە لێوت ماچ،بە جەژنانە و بەراتی من

***

کە دێتە سویَ

دەڵێی مانگە دەردەکەویَ

کووچەو شەقامی ئەم شارە

دادەپۆشرێن

بە تریفەی بەر مانگە شەویَ.

برای بەڕێزم کاک ئیسماعیل ڕاجی ئاوا دەفەرمویَ:

دڵ لە میحرابی برۆی تۆدا،خەریکی سەجدەیە

تاکو نوێژی حەز قبووڵ بیَ،جامی لێو و مەی دەیە

خۆ بە شەرعیش بێ ڕەوایە،شەهدی مەمکت نۆش بکەم
ئەی ئەوە کێیە دەڵێ پێت،ناڕەوایە ،!!مەیدەیە؟ .

لە خۆشەویستی و جوانی ئەم هۆنراوەیە منیش دەڵێم:

نوێژی عەشقم دادەبەستم،تاقی ئەبرۆت قیبلەیە
هەروەکو سۆفی لە خەڵوەت،کارو پیشەم سوژدەیە
ماچی لێوت وەک شەرابە،با بینۆشم لەو مەیە
خێری نەبڕاوەی بەهەشتە،تو خوا بێنە بمدەیە .

# سۆز

گەر ببینم ببێیە جێژوان،خۆشە بمرم ئەو دەمە

دەرکەوە وەک مانگی چواردە،ڕاییماڵە ئەو خەمە

تۆ عیلاجی دەردی دڵکە،سۆزی تۆ فریادڕەسە

بێڵی بینۆشم لە لێوت،شیرنە ماچی ئەو دەمە

من لە دووری وەسڵی تۆیە،کارو پیشەم بۆتە خەم

سینە پڕ زوخاو و دەردە،ماچی تۆی بۆ مەرهەمە

کێ هەیە وەک من بسووتێ؟ هەر وەکو پەروانە بێ

ئەی شەمی شەوگاری تارم،مانگم دەرچێ لەو تەمە

پێ بزانە ئەو دڵەی من،بۆتە بەندی زوڵفی تۆ

گەر موئەبەدبم لە حەپست،!گیانە هێشتا پێم کەمە

# نیگار

نیگارت نەخشی یەزدانە،کە هێندە جوانی کێشاوە

پەری هەرگیز بەتۆ ناگا،لەسەیرت واقی وڕماوە

یەکەم جارە تەبیعەت وا،بخولْقێنێ لە شێوەی تۆ

هەزار(مانی) لەسەیری  تۆ،خەیاڵی خۆی لەدەست داوە

ئەسیری زولفی ئاڵۆزم, نییە ریگەی نەجاتی من

سەرم دەرناچێ لەو کارە،وەکو زوڵفی تۆ شێواوە

لەشەش دانگی سەری کوڵمت،ئەمن رازیم بەماچێکی

ببیەخشە خێرو سەر فترەت،ئەگەر روحمت لەدڵ ماوە؟

***

بە دیدارت جەمن فکری بڵاوم

ئەگەر داینێم لە سەر تۆ هەر دوو چاوم

چییە باکم کە تۆ ژین و ژیان بی؟

پەریزادم،ئەتۆی تاج و کڵاوم .

***

سەرت هەڵێنە با خەم وەلاچێ
تاسەی دووریەکەت دەشکێ بە ماچی
هێندە تامەزرۆی دیداری تۆمە
گەر جارێکی بێی لە دڵم دەرناچی
پیرو پەککەوتە و کەنەفتەی تۆمە
!ماچێکم دەیە خۆ چی تێناچێ
❊❊❊
خەمی دووریت لە ناخی سینە دایە
چ ژانێکە،چ دەردێک ،بێ دەوایە؟
لە حەسرەت چاوەڕوانیت بوومە گۆچان
تەمەن رۆیی،لەسەر تۆ چوو بەزایە .
❊❊❊
هیچ شۆخێکم نەدی وەک تۆ
پەریزاد و بەخشندە بێ
وەک تۆی شاژنی مەملەکەت
کە شاجوانی ئەم سەدە بێ.

بارگەی خەمم داوە بە کۆڵ
هەگبەم پڕە لە خەم و دەرد

دەروێشێکم لەتەکیەی تۆ
بەعەشقێکی پاک و بێ گەرد.

کە دێتە سوێ
دەڵێی مانگە دەردەکەوێ
کووچەو کۆڵانی  ئەم شارە
ڕووناکی تۆی بەردەکەوێ.

# شا

دار شەقی برد،بوو بە شانە ،تاکو زولفت شانەکا
شا دەبووم شانەی سەرتبام،پرچی خاوت شانەکا
پێی بڵێ بەو چاوە بازەت،دڵ لەتاوی توایەوە
سینە پڕ زامە سەیرکە،خوێن لە دیدەم دەر دەکا
تیری ئەبرۆکەت قەراری گرتووە بۆ سەر دڵم
ئەی خودا ڕوحمێ بە حاڵم،یارم مەیلی شەڕ دەکا .

❊❊❊

ترسم هەیە؛
تێر تێر نەتگرمە باوەش و
شۆڕ نەبمەوە
بۆ ناو زوڵف و سینەو مەمت،
ترسم هەیە؛
دەست نەگێڕم و
ماچی نەکەم لێو و دەمت
ترسم هەیە؛
لێت تێر نەبم
سەربنێمەوە،بتوێمەوە لەتاو خەمت
ترسم هەیە.

# نەهاتی

حەسرەتی دیداری تۆمە،چاوەکەم خۆت لامەدە

من بەبێ تۆ سەختە ژینم،عومری من بەربا مەدە

من دەمێکە چاو لەڕێمە،تەیری بەختم بێتەوە

هەر دەڵێی دێم و نەهاتی،دەی بەڵێنی وا مەدە

مەرگی من بێنە بنۆشم لەو دەم و لێوەت،شەراب

خۆشی و شادی ئەو زەمانە،قەت بەئەو دنیا مەدە .

❊❊❊

ورد ورد گەڕام بۆ وشەی جوان

ڕستەیەکی لێ پێکبێنم

بیکەم بە ملوانکەی حەز و

لە گەردنتی بئاڵێنم

بەڵام ئەفسوس هەزار ئەفسوس

چیم شک نەبرد

جیا لە دڵم وەک دیاری

لەژێر پێتا دەری بێنم.

تۆ بتی من بت پەرستم

قیبلەکەم دوو چاوی تۆن

زیکر و فکرت بوونە خولیام

هەرچی دەیڵێم ناوی تۆن.

❊❊❊

لە ئاستی تووڕەییم دوژمن دەدۆڕێ

بڵێسەی دێ،لە جەستەم خوێن دەچۆڕی

کیژ و کوڕ دەست لەناودەست چۆپی کێشن

بە ئومێدن،دەزانن هەر دەگۆڕێ .

❊❊❊

هەرچی بیڵێم و بینووسم

لە ئاستی تۆ شەرمەزارن

باڵات قەندیلی سەربەرزە

زمان و وشەم کۆڵەوارن
چی لە دڵ کەم بۆتە دەروێش
ناو و یادت لەسەر زارن.

❊❊❊

لە شەقامێکی چۆڵ دەچم
ڕەنگی مردوم لێ نیشتووە
سوێند بە چاوی جوان و گەشت
تۆم وەک گیانم خۆشویستووە.

# پایز

پایزی عومرت ئەوا هات،من بەهارم دێتەوە

نۆرەمە سەرچۆپی بگرم،دۆ بۆ دەستم بێتەوە

تەوقی زستانێ دەپچڕم،بانگی ئازادیی دەڵێم

شەو ئەگەر تاریک و تووڵ بێ،ڕۆژ دەبێ هەڵبێتەوە .

# پیری

پایزی پیریم ئەوا هات،چیم لەدەستدێ چا نەبم
من کە عاشقبم بە جوانی،بۆ دەبێ جێی تانە بم
ئەی خەزان بۆچی بەجارێ،دەیوەرێنی عومری من؟
خۆزگە هەرگیز نەمدەناسی،ئاشنای قەت با نەبم
جیلوەی جوانیت ئەوەندە چۆتە ناخ و هەستمەوە
بۆ دەبێ وەک شەم بسووتێم،چاوەڕێی پەروانە بم
بوومە پەڕیوەی وڵاتان،وەک قەرەج بێ ماڵ و حاڵ
تۆم نەبێ لەم ژینە تاڵە،هەر دەبێ بێلانە بم .

***

شیعرم بۆ خۆی تازیە بارە
ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە
جیهان کوێرە،سەری شۆڕە
بۆیە چاوی داخستووە
باشە هانا بۆ کوێ بەرم؟
ویژان لە کوێی؟
دەڵێن ئەویش لێی نوستووە.

# عەشقی خودایی

عەشقت لە دڵم سابیتە،وەک عەشقی خودایە
تۆ شاهی ئەوین و،دڵی من لای تۆ گەدایە
نەمدیوە ئەبەد وەک تۆ پەری بێتە خەیاڵم
سۆزت لە دڵم دەفعی هەزار دەرد و بەڵایە
ماڵ و سەری بۆچییە،مەلازادە بەبێ تۆ
دێوانەو و شەیدایە،لەتاو ئەو کچە مەلایە .

# نەزر

له تەكيەو خانەقای شێخم

ئەمن سۆفیم نەزەر ناكەم

بسووتێم چەشنی پەروانە

لە ئاگر خۆ حەزەر ناکەم

موریدو سۆفی تۆم یاشێخ

ئەمن مەیلی سەفەر ناکەم

لە چاوانم خەواندوومی

بێ تۆ شام و سەحەر ناکەم.

هەموو باخی بەهەشتم بێ

بەبێ تۆ بۆی گوزەر ناکەم

ئەگەر مەیلت بە من بەخشی

ئەبەد عالەم خەبەر ناکەم.

# نەخش

نەسیمی تیشکی چاوی تۆ،هەموو گیانم دەسووتێنێ

وەکو قەوز قوزەح وایە،هەموو ڕەنگێک دەنەخشێنێ

عەجەب شۆخێکە ئەو یارە،دڵی هێناومەتە لەرزە

هەموو نیگا و سەرنجێکی،دەیان شیعر دەخوڵقێنێ

دەمێکە داخی عەشقی تۆ،دەسووتێنێ ڕەز و باخم

بەڵام پایزی ئەمجارەم،بەهارە و جوانی دەنوێنێ .

❊❊❊

هەڵمگرتووی لە چاوانم

لە دڵما جێم بۆ ڕاخستووی

دە پێم بڵێ تاکو ئێستا،

هیچ کەس وەک من خۆشیویستووی؟.

# گۆنا

گوڵم چاوێکی کاڵی تۆ،بە سەد حۆری و پەری نادەم
ئەسیری زوڵفی ڕەشمارم،بەریشمدەی بەری نادەم
ئەمن کەوتوومە گێژاویی ڕوومەت،چاڵێکی گۆنا ئاڵ
کە ماچێکی لە لێوی کەم،بە کۆشکی قەیسەری نادەم
لە سەیری جوانی ڕوخسارت،پەریزادی لەبەر چاوم
ئەگەر ڕۆژێ نەخۆش کەوتم،نەڵێی ناچم سەری نادەم .

# باوک

وەفادارم بە گۆڕت تابمێنم

لە ئاست دوژمن ئەمن خۆم ناچەمێنم

وەکو خۆتم،لە دڵسۆزی وڵاتا

دێموکراتم لە مەیدانی خەباتا

سەرو ماڵم بە قوربانی ڕێبازی

وەفادارم بە رێگەی حزبی (قازی)ی.

❊❊❊

گرفتارو پەشێو و بێ پەنامە

دیداری تۆ بۆ من سارێژی زامە

قەڵای هیوا و ئومێدی بۆم لە ژینا

قەدی ئەلفم لەتاوت عەینی لامە.

# کێ

لە کێ پرسم سۆراخی دڵ؟

ئەمانەت بوو لەلای جوانێ

دەزانن من بەبێی ناژیم

ڕەفیقان پێم بڵێن کوانێ؟

بە خەندە هات و دڵمی برد

بە تیرێک کردیە نیشانە

چییە سوچ و گوناهی من؟

عاشق بەشی هەر سووتانە.

❊❊❊

وەرە تاوێکی چاوێکی بگێڕە

دیداری تۆ لە چاوم نەخشی زێڕە

دەزانی عیشقی پاکی تۆ لە دڵما

لەناو دیوانی شیعرم،شازی دێڕە؟

❋❋❋

هێندەم شیعر بۆ نووسیوی
ڕەنگی شیعرت لێ نیشتووە
تۆی (داستانی حەزێکی شێت)
دەستم دامێنتی گرتووە.

❋❋❋

چی لە دڵ کەم ئەو هەمیشە تۆی دەوێ؟
گوێت لە ناڵەناڵی ئەو بێ،بێ پەنایە ناسرەوێ
بێنە بنوێنە،بە وێنەی دڵ وەکو ئاوێنە بێ
ئەی پەریزادەی خەیاڵم سەد بەڵای تۆم وێ کەوێ.

❋❋❋

وەکو سایەم لەگەڵتا نابمەوە لێت
هەمیشە حازرم بۆ خاکی بەرپێت
وەرە قوربان ئەمن ماچم دەوێ لێت
چلۆن نەگریم نەبارێنم منی شێت)
نەکەم زاری،(وەفادارم ئەگەر بێت

❊❊❊

تۆ لەدڵما

هەزار خەون و

خۆزگەی جوانی

تۆ لەلای من

نەک هەر گیانێک

هەزار گیانی.

❊❊❊

خەندەی تۆراندوە لە لێوم
خەمی پێ ئاشنا کردم
لەگەڵ کۆچی زۆر سەیر بوو
چاوەڕێ بووم،بۆ نەمردم .

❊❊❊

هەر چەندە کە تەنگە دڵی مەحزون و پەشێوم
مەجنونی دەرو دەشتم و دێوانەیە نێوم
هەر کاتێ دەبیستم لە دوو لێوت دوو قسەی خۆش
شاگەشکەیە دڵ،بۆ شەهدی لەبت تینووە لێوم .

# هاودەم

خەمی چیمە کە تۆم لێ بوویە هاودەم

بە بام کردووە خەمی دنیا هەموو دەم

ئەتۆ خۆری ژیانم بووی هەڵاتی

لە پێناوت دەسووتێم من وەکو شەم.

# پەری

سەیرکە بەژن و باڵای شلک و لاولاو

ڕیحانەی ڕەش،وەنەوشەی دەم چەم و ئاو

بەجێ ماوە لە پەریان،شەنگەبێری

وەکو ئیلهامی شیعرم دێتە بەر چاو

دەبا تێربم لە نیگای پڕ لە ڕازت

وشەی شیعرم بە جارێ ببنە لافاو.

❋❋❋

دڵم تەنگ و پەرێشان و خەمینە

دەسووتێ ڕوح ئەوینت زۆر بەتینە

نەکەی هەرگیز بەجێیبێڵی هەوارم

شەنگەبێری،لە چاوم خۆت ببینە .

# پەرچەم

هەڵبێنە دوو چاوت،لادە چارشێوت وەلادا

بمکوژە بە جارێکی،لە ناو زوڵفی سیادا

بێ چارەیە دڵ،کەوتە ئەسیری سەری زوڵفت

چەند جوانە لە تۆ خەندە و جیلوەت لە سەمادا

هاتی،دەمت هێناوە بنۆشم دەم و بادەت

فیردەوسە جەماڵی پەری گەر پەرچەمی لادا.

❊❊❊

بە غەمزەی چاوت مەمکوژە

دەروونم پڕ لە ناسۆرە

دەبزوێنێ هەموو هەستم

نیگای عیشقی تۆ بەو جۆرە

گڕو تینت دەسووتێنێ

ئەوەندە گەرمە وەک خۆرە.

❊❊❊

دەتۆرێنێ لە چاوم خەو

خەیاڵی زوڵفی خاوی تۆ

خەتابارن سیلەی چاوت

نەما هۆشم لە تاوی تۆ.

# گەدا

چیم لە تەختی شاهی داوە،با گەدا و بێ لانەبم

تۆم نەبێ بۆچیمە دنیا،گیانە با هەر شا نەبم

بابکەم ماچێ لە لێوت،عومری من کۆتا نەبێ

بۆ قژی ئاڵۆز و لوولت فەرموو با من شانە بم.

❊❊❊

تادێ زیاتر شۆڕ دەبیەوە

بە ناو ناخ و سۆز و هەستم

تادێ زیاتر دەبیە عیشقی

ئیلهامی شیعر و هەڵبەستم.

❊❊❊

باڵندەیەکی کەسیرم

لەم زریان و با و بۆرانە

هیچ پەنایە وەخۆم ناگرێ

دۆستیشم بۆتە بێگانە.

❊❊❊

بوومە پەروانەی خەیاڵ و

بۆت دەسووتێم چەشنی شەم

شەو نییە یادت نەکا دڵ

کارو پیشەم بۆتە خەم.

❊❊❊

گەڵای عومرم بۆتە خەزان

بە هەناسەش هەڵدەوەرێ

گەر هەتوان نیت بۆ ئەم زامە

یەخەم بەردەو دە لێمگەڕێ.

❊❊❊

وەکو ئاوی حەیاتە ماچی لێوی

سەیرکە بەژن و باڵای توولەمێوی

بەجێماوە لە پەریانم،پەریزاد

منی شێت کرد،شەمامە و باخی سێوی
وەریگێڕام لە دینم هەر وەکو شێخ
کە جێمبێڵی،خودایە قوڕ بپێوی .

❊❊❊

پەریزادم لە ڕوحم تۆ بەشێکی
بیکە دیاری،لە کوڵمانت لەتێکی
زوڵف شۆڕ و،کەمەر باریکە یارم
سەرم سووڕما،لە بەژنی ڕێکوپێکی .

❊❊❊

وەکو ڕەشمار لە بەژنی تۆ بئاڵێم
دەبا بمرم،هەڵێنە لێم سەرێکی
وەرە تاوێ لە دڵما خۆت ببینە
لە ئەشعاری دیوانم بەرهەمێکی.

❊❊❊

بێنە بنوێنە وەفاکەت،من لە ڕەقیب چاترم

بۆچی هێندە دڵڕەقی تۆ،جارێ بگرە خاترم

وا لەتاوت بوومە دەروێش مەسکەنە دەشت و دەرم

من موریدی عەشقی تۆمە،بۆچی تۆ پێت کافرم .

❋❋❋

ئەی حەسود ناگەی بە مەقسود،

چاوی تۆ کەی تێر دەبێ

دڵنیامە ڕۆژێ دادێ،

دەبیە حافیز چاوی تۆ زوو کوێر دەبێ.

❋❋❋

ساقی بە فیداتم وەرە چارەی خەمی منکە

چارەی دڵی من هەر مەیە تۆش سەرفی نەزەرکە

جام و مەیی و بادەت هەمیشە هاودەمی شینن

تێکە و پڕیکە،دەی خەمی دنیام لە دڵ دەرکە .

❋❋❋

کە فرمێسک لە چاوت دێنەخوارێ

له گیانی من،سەراپا گڕ دەبارێ

دەسووتێنێ دڵ و ڕوح و هەناسەم

بگە فریام بە ماچێ بمکەچارێ.

پێنج خشتەکییەک لەسەر بەیتە شیعرێکی وەفایی

مانگی من هەڵنایە بۆچی؟ لەو تەمە دەی دەرکەوە

ڕۆژی ڕووناکم ببینم،بۆچی بمرم بەو شەوە

نامەوێ دووربم لە باڵات،عیشقی تۆم مانگی نەوە

مەمکوژە تۆ گەردنی خۆت ڕوو لە زولفان دەرخەوە

ئەی سەبای ساڵحان،ئەتۆ بکەی ئەمشەوە ڕۆژ بێتەوە

***

ئەی مانگ دەرکەوە هەڵبێ لەژێر تەم

سەیری ڕوخسارم چەما لەژێر خەم

وەرە ڕایماڵە ئەو هەورە ڕەشە

چاوم ڕۆشن بێ بە دیداری شەم.

***

وەکو سورمەی بۆ بینایی دوو چاوان

وەرە ماچێک دەبا نەمرم لە تاوان

بە غەمزەی چاوت دەمکوژی دەزانم

کە من نەمدیت لە خۆم هیچ سوچ و تاوان.

***

دەپرسێ بۆچی خۆشحاڵی خەیاڵم

خەیاڵم لات نەبێ بێ شک دەناڵم

قەرزداری خەیاڵم خەمڕەوێنە

خەیاڵی تۆم نەبێ هاوار بەماڵم

لە ژینم تۆم نەبێ خاوە خەیاڵم

بەتاڵە ڕوح،وەکو شووشەی بەتاڵم .

# کوڵ

دەزانی چەندە تامەزرۆی دیدارم!

وەرە وەک گوڵ بۆ ناو باخی بەهارم

وەرە بشکێنە تەشقی سارد و سەرما

وەرە وەک خۆر گڕو تینکە بە بەرما

وەرە تاوێ بەدەم بادەین کوڵ و خەم

وەرە پشتگوێ بخەین لۆمەی ئەو و ئەم

وەرە بشکێنە تاسەی ئەم دیدارە

وەکو نێرگز بۆ دیاری ئەم بەهارە.

❊❊❊

خۆزگە بۆ جارێ لە لێوت

نەخشی سوراوت دەبووم

وردە ماچی لێوی ئاڵ و

ماسکارەی چاوت دەبووم.

❋❋❋

به پیری تازه دەگرم داره داره

قەدی ئەلفم تەماشا خێچ و خواره

نەڵێی پیره،دڵم ئێستاش بەتینه

سەرم گێژه له مەیلت هێنده ساره.

❋❋❋

له چاوی من پەریزادی

له ئەجناسی بەشەر ناچی

شیرینی هەر وەکو ڕوحم

ئەبەد لای من بەسەر ناچی.

❋❋❋

به ئەسپایی،

دەتخەمه ناو پیڵوی چاوم

له گلێنەم دەتخەوێنم

چیت گەرەک بێ بۆ ئاراميت

گەر دڵیش بێ دەریدێنم.

❊❊❊

کە تۆ هاتی،ئەما ماتی ،لە دڵ دەرچوو کەسەر ،خەم

بە مەرگم پێت قەرزدارم،!!دەزانی من هەتا هەم

دەکەم قوربانی دوو چاوت،بەقوربان پێ بزانە

دەسووتێ ڕوحی پەروانەم لە دەورت هەر وەکو شەم.

❊❊❊

وەرە عەشقت لەناو دڵما ببینە

بڵێسەی دێ تەماشا چەند بەتینە

هەناسەم نایە وا دەمرم بەجارێ

هەموو گیانم ئەوا غەرقی برینە

❊❊❊

بۆ ناپرسی لەحاڵی پڕ لە زارم؟

دەکەم هاوار لە تاوت پڕ بە زارم

بزەت گەر بێتە سەر زاری خەنی مە

کە مردم بۆچی دێیە سەر مەزارم.؟
ئەوەندەم داد و فریاد کرد لە قاپیت
نەهاتی بەس بڵێ پێت شەرمەزارم.

❊❊❊

بە نیگایەکی شێتانە
سەر و ماڵی لە بن هێنام
کەچی ڕۆیشت لەگەڵ ئەغیار
هەموو عەشقی لە بن پێنام

# قەدی ئەلفم

دەمێکە چاوەڕێی لوتفێکی تۆمە
شەتی ئەشکم وەکو ڕووبارو چۆمە
خەیاڵی خاوی من وەک بسکی خاوت
قەدی ئەلفم قەفی گۆچانە کۆمە.

❊❊❊

بە دیدارت دەبێ ساڕێژ
هەرچی دەرد و خەم و زامە
کە چاوێکت لە من دیاربێ
لە من وایە ئەمن شامە.
ئەو سوراوەی دەیدەی لە لێو
دەڵێم خۆزگە ئەمن بامە.

# نیشتیمان

باڵندەیەکی کۆچەریم

دڵتم کردووە بە هێلانە

ڕاوی مەنێ،مەیتۆرێنە

ئەوێ بۆ من نیشتیمانە.

❊❊❊

شەو و ڕۆژ زادەیی خەون و خەیاڵی

نەجیب و نازەنین،خاوەن جەماڵی

لەبەر چاوم هەمیشە وەک گلێنەی

سەرم فیدای دوو لێو و چاوی کاڵی.

❊❊❊

لەوەتەی هەین کۆچەرینە و

نیشتیمانمان لە کۆڵ ناوە

شوێنێک نییە بۆ ئارامی هەناسەدان

بێ وڵاتین لە ناسنامەدا نووسراوە.

***

دڵم هێزی نەماوە ترپە لێدا

ڕوحی ماندووم ئەوا کەوتووە لە جێدا

وزە بەخشە لە بۆ دڵ ماچی لێوت

دەنا دەمرم ئەوا قابیز لە ڕێدا.

# شین

شەوقی ڕووی شادی دەبەخشیّ،من (وەلی)یمە ئەو شەمە
من کە شەش دانگی ڕوحی خۆم خستە ژێر پێت،!پێت کەمە
عاشقێکی سەر بەهەش بووم،نەمدی ڕۆژی بەختی خۆم
وا لە شەوگاری شەوی ڕەش،خواردنم دەردو خەمە .

سەد ساڵ لە لام بی پێم سەعاتێکە
لە بادەی لێوت شەڕابێک تێکە
بێنە بینۆشم لە لێوانت مەی
گەر پێشی بمرم پێم خەڵاتێکە.

****

پێنج خشتەکی یەک لەسەر دوو بەیتە شیعری وەفایی
برستی لێبڕیم جەورو جەفای تۆ
مەڵۆت کردن لەسەر دڵ خەم بەبیّ هۆ
دەسووتێنی هەموو گیانم لەسەرخۆ

گوتم کەمتر لە جەرگم بەردە بۆسۆ)
(گوتی مەتلەب؟ گوتم ماچێک؟ گوتی بۆ؟

گوتم هەر تۆ لە گۆڕیش تیشکی نووریت
گوتی ماچێک چییە وا بۆی زەرووریت
گوتم ماچێک،دەلێ پێت دێ سەبووریت؟
گوتم ئاخر ئەوا مردم لە دووریت)
(گوتی مردن لە کوێ ئاوایە؟ لاچۆ

❊❊❊

هیوا بەخشی دڵێکی تێکشکاوی
ئەتۆ عیشق و ئەوین و هەر دوو چاوی
بهێڵە تێر بکەم بۆنی دوو زوڵفت
ببە سایە بە سەرما تاکو ماوی.

❊❊❊❊

دەنگی نایەی نایەتە گوێم

دەهۆڵ کوت،زیزو داماوە

کچ و کوڕ ماتی ڕۆژگارن

عیشق لەم شارە تۆراوە.

وەرە سەرچۆپی گەرمیکە

وەلانێ مەینەتی جاران

دڵان خۆش کەن بە باکەن خەم

لەگەڵ کۆڕی وەفاداران.

***

ڕوحم دەکەمە قوربانی سەرو چاوی گەشی

گیرفانی پڕو مێشکی بەتاڵ،سەر بە هەشی

سورڕماوە سەرم بەختی هەمیشە کە بەکارە

دائیمە سپی دێنێ،هی منیش هەر بە ڕەشی .

# موژە

موژەت ڕاچوون لە جەرگی من کە هاتی

پەریزادەی،تەواری ڕۆژهەڵاتی

گوشادت کرد دڵی تەنگم بە نیگات

لەبۆ ژینم،ئەتۆ دیاری و خەڵاتی

لە گۆ کەوتووە زمانم چی ببێژم

کەتۆ هێندە شیرین بی وەک نەباتی

ئەتۆ قیبلەی ئەوینمبە هەتا هەی

دەنا بێ شک بەرم نادات نەهاتی.

❊❊❊

خەنی کردم بزەی لێوت

وردە نیگای ژێر چار شێوت

بەنازەوە مەڕوانە لێم

هەر پێم خۆشە بێنم نێوت.

❊❊❊

وەرە تێکەڵ بکەین بسک و سمێڵم

بە سەدساڵیش لەگەل تۆدا جحێڵم

بە قوربانی دەکەم ڕۆژی هەزار جار

هەزار خوێڕی لە قەوم و خزم و خێڵم.

❊❊❊

بەم شەوە

ئەنگوستەچاوە

(دەستی هانا بۆ کێ بەرم)

دەبێ کێ بێ

دەروازەی سینەی واڵاکا

ڕۆژ کەمەوە لەسەر سەینەی

گەرم ونەرم؟

❊❊❊

دەمی ئاویلکەدانم بوو نەهاتی
نەهاتی بوو هەموو عومرم،نەهاتی
خەو و خەون و خەیاڵت دڵفڕێنن
دڵم خۆش بوو بە خەونیش گەر دەهاتی.

❊❊❊

خەمڕەوێنە،چاوشەهێنە ،دڵبەرە
هێزی ئەژنۆ،لێو شیرینی شەکەرە
هێندە تامەزۆری دیدارم،پێت بگەم
مەرگی من بێ،چاوەڕێمە زوو وەرە .

❊❊❊

ئەی خودا هاتوومە دەرگات تاکو دەنگم پێت بگا
من دەترسم کوردی مەزڵووم قەت بە ئاواتی نەگا
گەرچی خۆخۆر و نەزانین دائیمە وەک کەو دەژین
ئەی دەبێ کەی بێ و خودایە تا بەدادمان ڕابگا.

❊❊❊

سوچێک نەما بۆت نەگەڕێم

لە کوێی هەناسەی تەمەنم؟

پیری یەخەی پێگرتووم و

ماڵ بە کۆڵ بێ مەوتەنم.

❊❊❊

خەزانی پایزە ڕووی کردە شارێ

ئومێد،هەرچی هەبوو دارِما بەجارێ

بەری داری درەختم هەڵوەریوە

سەبەبکارم،ڕەبی بەردی لێ بارێ .

❊❊❊

خودایە ئەو دڵەی من گۆمی خوێنە

بڕا جەرگم،لە تاوت مل بەکوێنە

بگە فریاد و دادم،جێم مەهێڵە

وەرە جارێ،بە تەنیا سەرهەڵێنە .

❊❊❊

دڵ بە شەوق و زەوقی تۆیە

پێک لەسەر پێک هەڵدەدا

ئافەرین ئەی ساقی مەجلیس

تەپڵی شادی لێ دەدا.

❋❋❋

بە دیار چاوەڕوانیی تۆوە

تەمەنیشم دەتوێتەوە

ترسم هەیە تا تۆ دەگەی

ناوی خۆشم بیرچێتەوە.

❋❋❋

ئاواشم کەی وەک تیشکی خۆر

سپێدەیەک دێمەوە لات

لەگەڵ گزنگی دەم بەیان

دەبمە شەونمی سەر باڵات

چون لە ڕوحم شیرینتری

لێم نزیکی گشت کات و سات.

❊❊❊

له تۆ وایه ئەمن وا دیاره شێتم

بەگوفتار و به ئەفعال خاکی ڕێتم

هەموو عومرم خەزانه بێ دیدارت

بۆ ویسالْت هەتا هەم چاوەڕێتم.

❊❊❊

هەموو خەون و خەیاڵم هەستی تۆنه

ئەوا دەمرم،به دەست ئەو زامه کۆنه

عەیامێکه،دڵم دەکوڵێ له تاوت

نەهاتی تا بپرسی حاڵی چۆنه؟

❊❊❊

دائیم خەیاڵم دێ و دەچێ

پەروانەیه و هەرباڵ دەگرێ

بێ ئۆقرەیه،داناسەکنێ

بۆ دیدارت دێت هەڵدەفڕێ

چۆن نەتبیستووە دار کە پیربوو

زوو تر لە جاران گڕ دەگرێ؟

❊❊❊

(وەرە و حاڵی دڵی بێزار بپرس)

لەناڵەی دڵ،لە گریانم بترسە

دڵی شەیدام،هەتیوە بێ پەنایە

چەما پشتم لە ژێر ئەو بارە قورسە.

❊❊❊

عەسەل دەتکێ لەدوو لێوی گوڵی خۆم

لە سوێیانی دەسووتێم هەر وەکو مۆم

لە ڕوخساری ئەبەد تێرنابێ لێی دڵ

بگە فریام خودا،خۆ عابدی تۆم .

❊❊❊

ئەو ڕۆژانەی کە تۆ ونی

درێژترین ڕۆژی تەمەنن

لەشکری خەم دێنە سەر دڵ

دێن گۆڕم هەڵدەکەنن.

❊❊❊

دڵ تەنگە لە تاوت،وەکو خونچەی دەمی تۆیە

پەروانەمە،سووتانە پیشەم ،دڵ شەمی تۆیە

جارێکی وەرە سوێی دڵی شەیدام و ببینە

خەمخۆرە،خەفەتبارە هەر خەمی تۆیە .

❊❊❊

شکۆفەی کردوە خونچەی دەمی ئەو

خوناوی دەم بەیانە،بەرهەمی شەو

سەرم سوڕما،لە جوانی گوڵ لە باخا

بە دیداری خەنی بووم،من لەبەر ئەو .

# خۆزگە

خۆزگە ئێستا لەلات دەبووم
پرچم بۆ شانە دەکردی
لەجێی سووراوی لێوانت
هەزار ماچم لێدە کردی.

# چاو

به غەمزەی چاوی فەتانت،گرفتارم بە داوی تۆ

وەکو سۆفی نەزەر ناکەم،لە غەیری تۆ بە چاوی تۆ

هەتا ماوم لە عیشقدا عیبادەت کەم لەبەر چاوت

کە چاوی تۆ لە من دیار بێ،ڕەوانبێژم لە ناوی تۆ

منی عاشق وسەرگەشتە پەناگەم چاوەکەی تۆنە

کە من دووربم لە چاوانت،دەبێ بمرم لە تاوی تۆ .

❊❊❊

لە چاوی پیس بە دووربی تاکو ماوی

پەریزادی،نەجیبی ،شەنگ و لاوی

دڵم خۆشە،سەرم مەستە بە بوونت

ئەتۆی هاوڕێم،گلێنەی هەر دوو چاوی .

❊❊❊

# مانگی چوارده

که ڕادەبری بەلامدا بێستە تاوێ

سەری زولفت وەلادە شەرمی ناوێ

وەرە و حاڵی دڵــــــی زارم ببینە

دڵم بۆ تۆ،ئەتۆش هەڵبێنە چاوێ

ئەوەندە خۆت مەدە بەر ڕۆژ دەسووتێ

دوو لێو و کوڵمی ئاڵی تۆ بە تاوێ.

کە جارێکی بە دڵ بتـــــگرمە باوەش

دەبا بمرم،لە دنیا هیـــــچم ناوێ

ئەگەرچی دووری لێم و دڵ پەشێوە

سەرم قوربانــــی ڕێتە لێرە تاوێ.

❊❊❊

# داو

دڵ بە داوی زولفی تۆیە،بۆیە وا پەژموردەیە
گوێت لەناڵەی ئەو دڵەم بێ،شین دەگێڕێ وەک نەیە
وەک هەتیوی بێ پەنایە،کەس نییە بیگرێتە خۆی
ماچی تۆ کۆنە شەرابە،بێنە چۆڕ چۆڕ بمدەیە .

❊❊❊

بوومە دەروێشی تەریقەت
خانەقایە بۆتە جێم
زیکر و فیکرم بوونە خولیات
تا نەمردووم بێیە سوێم
وا لەگەڵتا ئاشنا بووم
من لە دڵتا خانەخوێم.

❊❊❊

نە چاو خەوی بەلادا دێ

نەمیوانی دڵیش دیارە

وەرە سەیری کووچەو کۆڵان

گەلی بێ نازە ئەم شارە.

❊❊❊

سەیری حاڵی زاری منکە،ڕووت و قووت و بێ نەوام

وەک گەدامە من هەمیشە،بێ جل و بەرگ و کەوام

ئەو دڵەی تۆ ماڵی شاهە،سەف دەبن پیرو جەوان

هێندە بەخشندەی لە ئاستم،بۆ من نەک خەڵکی عەوام

من هەمیشە چاو لە ڕێمە گەر سەرێکم لێبدەی

حافزی تۆم،چاو لەدەستم ،چاوەڕێی خێرو دوعام .

❊❊❊

من دەبێ تاکەی لە دووریت

هەڵبڕێژم ئەشکی سوور

ئاو لە چاوانم بەخوڕ دێ

چیتر هەڵناکەم لە دوور.

❊❊❊

کە تۆ ونی،خەیاڵیشم پەرت و پەشێو

وشک و بێ زەوق،بزەم نابینی لەسەر لێو

لە ژێر حوکمی دوو ئەبرۆتدا ببینە

تەمەن تواوە وەکو بورکانی سەرکێو.

❊❊❊

چەند دڵم تەنگە،هیچ ئارام ناگرێ

خەیاڵم بۆ لات دێت وهەڵدەفڕێ

لە دەوری باڵات وەک شەم دەسووتێ

بێ قەرارە دڵ،وەختە گڕ دەگرێ .

❊❊❊

بە فرمێسکم بزانە چەند خەمینم

دڵم دەکوڵێ لە دووری تۆ،بە دینم

نییە باکم ئەگەر ڕۆژێ مەرگ بێ

بە مەرجێکی کە دیدارت ببینم.

❊❊❊

من و ساقی و جامی بادە هاودەمین

دادەنیشین،دڵ بەژان و پڕ خەمین

هەر دەنۆشم تا بە مەستی پێت بگەم

چون هەمیشە،لێو بەبارو ماتەمین .

❊❊❊

کزەی جەرگ و هەناسەن ئەو گوڵانە

جێگەی وانە لە ناو گۆشەی دڵانە

لە سایەی خوێندنە،ڕۆژی ڕووناکتان

نەزانین و نەخویندن دوو بەڵانە.

❊❊❊

بە دیار چاوەڕوانی تۆوە

ڕۆژانی تەمەن دەژمێرم

هەرچی وشەو شیعری جوانە

دەیکەم بە گوڵ،بۆت دەنێرم .

❊❊❊

لە ئاو دەچێ دڵی نەرمی

نیگای جوانی پڕ لە شەرمی

زەردەخەی هەست بزوێنە

پڕ لە تینە هەستی گەرمی.

❊❊❊

سەیرکە ڕۆژی ڕووت چۆنە

لە من تارە کە هەڵنایە

عەجەب دوورم لە ڕوخسارت

دەڵێ هەردێم و قەت نایە.

❊❊❊

وامدەزانی تازە پیر بووم،ئەو دڵەی من فڕێدەدەی

میهرەبانیت هێندە زۆرە،هاتم گەر ڕێم پێبدەی

گەردنم باریک وەکو موو،هانێ گەر لە ملم بدەی

هێند لەمێژە دوور لە تۆمە)،هەقتە تانەم لێ بدەی

چاوەکەم،پێم وابوو بۆ من ،(مەیلەکەت سار بۆتەوە

❊❊❊

عاشق نابم بە چاوی کەس

چونکە بەشم هەر سووتانە

دڵم هەرگیز ئۆقرە ناگرێ

لەتاو ئازار هەراسانە.

❊❊❊

داباریوە بەفری تەمەن

کوێستانی سەری داپۆشیم

ئەم ڕۆژگارە نەفرەتییەش

زوخاوی زۆری پێ نۆشیم.

❊❊❊

باڵندەیەکی کۆچەریم

بێ لانەو پەسار وپەنا

جیا لە دڵت هیچ شک نابەم

ئەویش نەبێ دەمرم دەنا.

❊❊❊

ببینە چۆن تەمەن تواوە وەکو مۆم

دەبێ بگریم،لەبۆ تۆ و هەم لەبەر خۆم

لە دەست ڕۆژگاری سپڵەو پێ نەزانا

نەبوو لانەم،ژیاوم هەر وەکو دۆم .

❊❊❊

هێندە مەچۆ بەر پەنجەرە

با ئاهی عاشق نەتگرێ

خەمی تۆ بوو پیری کردم

دەرد و حەسرەتم بتگرێ

❊❊❊

ئەی شیرینتر لە هەناسەم

ئەی ئەو شۆخەی بۆ دیدارت

پڕ ئاوات و پڕ لە تاسەم

تۆ ئازارو تۆ هەتوانی

تۆی ناونیشان و پێناسەم.

❋❋❋

هەزاران جار وتت دیم و نەهاتی

کە هاتی،هەر نەهاتبای بۆ دەهاتی

وەژوارت خست برینی زۆر لەمێژەم

یەخەی گرتووم بەرم نادات نەهاتی.

❋❋❋

سەری زولفت کە شێواوە لەسەر ڕووت

بەهێی زەردت لەسەر سینە وەک یاقوت

پەرێشانی مەکە قوربان کەوایە

ئەمن دەمرم کە وەرگێڕی لە من ڕووت.

❊❊❊

خەم یەخەی گرتووم،بووە بە هاوڕێم

بۆ هەر کوێ بڕۆم،دەڵێ منیش دێم

دائیم شەڕمانە،یەخەم بەرنادات

هاوار بەماڵم،من دێوانەی کێم .

❊❊❊

لە بێ دەنگی و لە بێ ڕەنگیت دەترسم

لە بێ لوتفی و لە کەم مەیلیت دەترسم

نەکا ڕۆژێ وەلام نێت و بڕۆی خۆت

لە ئەو دنیاش لە ئەحواڵت دەپرسم

❊❊❊

کە دەتبینم لێو بەخەندە

تاسەی دیدارم دەشکێنی

هەرچی خەم و ئازار هەیە

لە ڕیشەوە دەریاندێنی.

❊❊❊

چاوی شینی پر لە مەستیت،دۆزەخی بۆم نایەوە

ناسکی وەک گوڵ لەبەر دڵ،دڵی پیر بوو ژیایەوە

تۆ نەبای ئەو دڵەی من زۆر دەمێک بوو مردبوو

.بوویتە خوناوی بەهار و باخی ژین بووژایەوە

❊❊❊

پەیوەست مەبە بە عیشقی من

زوخاو لە دڵمەوە دەتکێ

وەکو جامێ بە دەستەوەم

نەبا ڕۆژێ لەناو لەپت دڵم بشکێ.

❊❊❊

بەدیار چاوەڕوانی تۆوە

تەمەنیشم دەتوێتەوە

ترسم هەیە،تا تۆ دەگەی

ناوی خۆشم بیر چێتەوە.

❊❊❊

لەتاو عیشقت،دڵم پڕ پڕ لە زامە

تۆ (ئاغا)ت کرد،ئەمن دۆڕام لە (دامە)

کە مەیلت بێ و لە ئەحواڵم بپرسی

ئەتۆ شا, بە منیش لای تۆ گەدا مە.

❊❊❊

بێ تۆ تەسکینی دڵ نایە

تەماشای قەلبی مەکسورم

دەبارێ ئەشکی خوێنینم

نزیکیش بی هەر لێت دوورم.

❊❊❊

لە شیعرێکی تەڕ دەگەڕێم

گیانی تینووم ئاوداتەوە

بۆ تەمەنی چوو لەخۆڕا

کەسێ ئاوڕم لێ داتەوە.

ماوەیەکە چاوم دەفڕێ

هەراسانم لە دەستانی

هەواڵێکی خۆشت نەهات

کۆتایی بێت چاوەڕوانی.

❊❊❊

وەرە ساقی بگەفریام کوانێ مەی؟

بێنە،تێکە ،بۆمی پڕکە تاکو هەی

هەر مەیە هەتوانی زامە،چاوەکەم

تێکە ساقی تاوەکو مەستم دەکەی.

# زار

له داخانت تەمەن چوو گوڵعوزارم

چ بێزارم لەبەر تۆ تازیەبارم

ئەبەد نەمدی سڵاوێکیش له زارت

سەیرکە حاڵی زار و بێ قەرارم.

❊❊❊

ڕۆژی من هەڵنایە بێ تۆ

تەم بەری پێ گرتووە

بەختی کوردی چارەڕەشمە

یەک نینە بۆی خەوتووە.

❊❊❊

خەزانی کردووە عومری بەهاریم

لە چاوانم سەیرکە ئەشکی جاریم

لە بەختی من هەموو وەرزم خەزانە

چرۆ ناکا درەختی ئینتیزاریم
بڕستم لێ بڕا نەمدی وەفاکەی
ناگاتە کەس گرین و دەردو زاریم.

❊❊❊

لە دەست جەوری زەمانە دڵ پەشێوە
تەماشاکەن سەرم لێیدا کڕێوە
بە عیشوەو ناز دڵی بردم بەغارەت
نییە ئۆقرەم لەتاو ئەو توولەمێوە.

❊❊❊

گوڵشەنی شێواند بەجارێ،لارو لەنجەی گوڵعوزار
قاتڵی دڵ بوو ئەگەر هات،گەردنی کردم بە دار
سوچ و تاوانم نییە گوڵ،دەست لە کوشتنم هەڵگرە
لێگەڕێ بمرم لەگەڵ تۆ،تا لە دڵت بگرم قەرار .

❊❊❊

کە تۆ خێرت بە من بەخشی بە ماچێ

ڕەببی دەرد و خەفەت لە دڵت وەلاچێ

نەکەی هەرگیز کە خێری خۆت عەیان کەی

وەکو پووڵی چرووک و قەڵبە،ناچێ .

❊❊❊

خەیاڵت دایدەپۆشێ هەست و نەستم

بە دیدارت،بە چاوت ،مەستی مەستم

نەڵێی هەرگیز تەک و تەنیام لە ژینا

کە بێکەس بی ئەوە بزانە کە کەستم.

❊❊❊

چیم لە تەختی شاهی داوە،من بە بێت بێ لانەبم

بۆ قژی ئاڵۆز و لوولت فەرموو با من (شانە) بم

من کە هێندە ئارەزوومە،ببمە خاک و خۆڵی ڕێت

تۆم هەبێ بۆچیمە دنیا،گیانە با من (شا) نەبم .

❊❊❊

# دەزانی تۆ

ناونیشانی دیوانێکی

سەدان شیعرت بۆ نووسراوە؟

هەزار وشە و پەیڤی جوانیش

بە باڵاتدا هەڵگوتراوە!!!

❊❊❊

کە من خاکی بەری پێت بم،ئەتۆش ڕوحمت لە دڵ دابێ

گەدامە من لە ڕێی عەشقت،کچێ توخوا دڵت چا بێ

بە ئاسپایی بیخە سەر دڵ،نەبا پێی تۆ ببینێ دەرد

بباریێ شەککەری لێوت،ڕوحی من خۆی دەبێ چا بێ .

❊❊❊

سەیری بۆ تۆکسی دوو لێوی،قیت بوونە وەک مەمکی خۆی

ئاو لە دڵ دێ،پیاو دەبێ شێت ،وەختە بچمە شاخی بۆی

داخەکەم کوا تامی ماوە،ماچی ئێستا وەک قەدیم

هەرچی لێوی بۆ ببەی تۆ،کوانێ ماویە تامی خۆی؟ .

❊❊❊

بە دیدارت دەبێ سارێژ

هەرچی دەرد و خەم و زامە

کە چاوێکت لە من دیاربێ

لە من وایە ئەمن شامە

ئەو سوراوەی دەیدەی لە لێو

دەڵێم خۆزگە ئەمن بامە.

❊❊❊

خەیاڵم دەمرفێنێ و دێتەوە لات

دیداری تۆ لەلام دێنێ،هەزار چات

نیگای گەرم و تێرامانم لە چاوت

خوا بمکا بە خاک و خۆڵی ژێر پات.

❊❊❊

دەکێشێ گیانم خەیاڵت،یاری شێوە مەهوەشم

تۆم نەبێ لەم ژینە تاڵە،ئەی خودا چەند بێبەشم

نابینم گەردێ لە دڵما،پاکە وەک ئاوی حەیات

ها وەرە بیبە دڵی من،پاک و بێ غەل و غەشم .

❋❋❋

وەکو پەروانە سووتانە بەشی من

نەما سۆما لە دوو چاوی گەشی من

لە هیچ شوێنێ بەدیناکەم سۆراغت

خودایە سەیری ڕۆژگاری ڕەشی من.

❋❋❋

ماڵی شاهە ئەو دڵەی من کاتێ دێیتە دیدەنی

باخی فیردەوسە شەبیهی دڵ دەکا شاد و خەنی

سەیری نازو نوزی یارم خستمیە ئاویلکەدان

لازمە بۆ دڵ دیدارت،دڵ لەتاوت ڕاچەنی .

❋❋❋

بۆ کوێ دەڕۆی؟

ئاورێ لە من نادەیتەوە؟

سەرت بۆ کوێ هەڵگرتووە

یادگارییەکان نابەیتەوە؟

تا لە غوربەت

لەگەڵتا بن و

یادی منی پێ بکەیتەوە!

❊❊❊

ئەی مانگ دەرکەوە هەڵبێ لەژێر تەم

سەیری ڕوخسارم ژاکا لەژێر خەم

وەرە ڕایماڵە ئەو هەورە ڕەشە

چاوم ڕۆشن بێ بە دیداری شەم.

❊❊❊

خەم بەجارێ واوە هاتووە دەوروبەری لێ تەنیم

تۆ کە هاتی،ڕەویەوە خەم ،من بە حاڵی پێکەنیم

دەرکەوە زوو دەرکەوە،مانگی چواردەی ڕۆشەنم

گۆشەیی چاوانت دیاربێ،زۆر بە کەیفم پێی خەنیم .

❋❋❋

مەیلی ساردت ڕێبەندانە

گەرمەسێری لێ تەنیوم

لێو و بەییم پێناگیرێن

بە پەنجەی ساردی تەزیووم.

❋❋❋

زۆر حەزدەکەم وەکو بەفر

لەناو دڵی گەرم و تینووم بتوێیەوە

لەگەڵ فنجانێ قاوەی تاڵ

بۆ ئارامی بخورێیەوە.

❋❋❋

ئەگەر مردم

لە زێدی خۆم بمشارنەوە

با دوا مەنزڵم پشدەر بێ

چون دەزانم دێ ڕادەبری

گۆشەی چاوێکت لەمن بێ.

❋❋❋

ئەو کاتانەی کە لێم ونی
دڵ دەگێڕێ گەرمەشینێ
دنیا لەلام وێرانەیە و
چاوم تەنیا تۆ دەبینێ.

***

ناتوانم بڕۆم بۆ سەفەر
ترسم هەیە نەتبینمەوە
خۆ من تێر نەبووم لە نیگات
دێڕ بە دێڕت بنووسمەوە
تا لە سەفەری غوربەتیم
لەگەڵ مابی و بتخوێنمەوە.

***

دڵتەنگە،خەفەتبارە ،خەمینە بەشی شینە
بێ دینە،لەعینە ،سەرم نادا ،ئەمە ژینە؟
عومرێکی درێژە،تەمەنم داوە لەسەر تۆ
هەر وتت دێم و نەهاتی بێ وەعدیت مەکە پینە
سەیری ڕۆژگاری ڕەشمکە،هەردەم دڵ بە خەمینم

وەرە تاوێکی لەلام بەسیە ئەو هەموو کینە.

❊❊❊

لە سۆمای دوو چاوم تۆ دیاری
لە وەرزانم ئەتۆ وەرزی بەهاری
بەهاری من خەزانە بۆتە پایز
تەمەن تواوە لە دەردی ئینتیزاری.

❊❊❊

کەسێک هەیە خۆشی دەوێ
دەتوێتەوە بۆت وەکو مۆم
با هەموو دنیا بزانێ
خۆشم دەوێ زیاتر لە خۆم.

❊❊❊

لە تۆ وایە لە من خوێن دێ و لە تۆش ئاو
ئەتۆش ڕۆژێ،دەکەویە ناو تەڵە و داو
هەمیشە چۆن دەبێ من بم بە نێچیر
دەبێ ڕۆژێ بەتاڵیکەی ئەتۆش ڕاو.

❊❊❊

دەمێکە دوورە لێم،نایەتە بەرچاو

بەژن باریک،زوڵفشۆڕ ،جوانی بێ ناو

لە ترسی خۆرە،یا مەیلت نەماوە

دەروونم لێی دەچۆڕێ کێم و زوخاو.

❊❊❊

لە دڵدا

زۆر شیرینی بێ نیهایەت

کە دیاریش نیت

وشک و بێ زەوقم لە سایەت.

❊❊❊

بە دێموکراسی نامۆمە

چونکە هەر خۆت بەربژێری

با هەر بڵێن کۆنەپەرست

هەر تۆی تەنیا

کە دوا نوختەی سەری دێڕی.

❊❊❊

دەشێوێ دڵ،بزەت گەر بێتە لێوان

دەسێنم ماچ لە لێو و باخی سێوان
وەرە سوێی من،دڵم دەمرێ لەتاوت
وەکو مەجنون بوومە ساکین لە کێوان.

❊❊❊

دوعای خۆشبەختیت بۆدەکەم
دەستەو نەزەر دەکەم نزا
شادیی دائیم میوانت بێ
دەست بە باڵت بگرێ خودا
هەموو ساتێ قاقا و خەندەت
دڵی ناحەزت شەق بکا
دەبم خەنی کە جارێکی
سەرێک بدەی بڵێی مەرحەبا.

❊❊❊

جوانی و بۆنت لە گوڵ دەچن
هەر گەشاوە و ڕازاوە بی

هەرگیز درک پەی پێت نەبا

هەر شاگوڵی ئەم ناوە بی

خەندە لە لێوت نەتۆرێ

ماندوو نەبی و حەساوە بی

تۆ هەمیشە میوانمبە و

هەر گلێنەی ئەو چاوە بی.

❊❊❊

ڕووت و قووت و بێ نەوامە

ئەی خودا بۆ هاودەمێ

سینە پڕ زووخاو و دەردە

چارەیێ کوا مەڵحەمێ

بووم بە سێبەر وا لەگەڵتا

هەر دەڕۆم و ناتگەمێ

دڵ لە ناڵەی تۆ دەناڵێ

وای بۆ سینە و پەرچەمێ

دادەمرکێ ئەو دڵەی من
بێتە سەردانم کەمێ
چارەی دەرد و شیفاکەم
ماچە،بیژێ ناتدەمێ .

❋❋❋

دەرگاو پەنجەرەم داخستن
بێزار بووم لە چاوەڕوانی
هێندە ئاو هاتووە لە دیدەم
فرمێسکیان کردم بە کانی.

❋❋❋

شەمی شەوگارە،ئایشەگوڵ
دەکا ڕۆشن شەوی تارم
شیرینە،وەک شەکرەسێوە
لە سوێیانی گرفتارم.

❋❋❋

لە جێژوانێ نەمردم کاتێ هاتی

مەرگ چۆن بوو لە من وابوو بە قاتی

هەناسەسوار خەنی کردم لە خۆشی

کە ڕۆیشتی یەخەی گرتم نەهاتی.

❊❊❊

جەوانی چوو،کەچی قەدرن نەزانی

ئاخ لە پیری،چ دەردێکی بەژانی؟

ژیانی پڕ لە ژان و ژواری سەر دڵ

بە ئەسپایی تەمەنیان برد،دەزانی؟

❊❊❊

من بە بێ مەی مەستی تۆمە

تورم دان بادە و شەراب

بێنە تێکەڵ کەین هەناسە

بەسیەتی تاکەی عەزاب

ماچی لێوت وەک شەرابە

ماڵ وێران خانەخەراب.

❊❊❊

دەروێشێکم لە تەکیەی تۆ

قیبلەکەم دوو چاوی تۆن

زیکر و فیکرت بوونە پیشەم

هەرچی دەیڵێم ناوی تۆن.

❊❊❊

بۆ نایەی پرچت شانەکەم،

لێوت بنێی بە لێو مەوە

تەمەن ڕۆیی،تۆش هەر دەڵێی

چاوەڕێکە هەر دێمەوە

وەرە با ڕوح ئاوێتە کەین

نەک ڕۆژێک سەر بنێمەوە.

❊❊❊

ئەگەر پێتخۆشە نەمرم تا بمێنم

دەبا دەستم لە گەردنی تۆ وەرێنم

وەرە هێز و ورەم تا پێببەخشی

لە تۆ ماچ و منیش سەر دانەوێنم.

❋❋❋

کەم ڕۆژ هەبوو
لە بێ مەیلیت دڵم نەشکێ
دڵنەواییم دەدرایەوە
بە ڕژانی دڵۆپە ئەشکێ.

❋❋❋

لە باڵات شیعر دەبارێ
لە گوفتارت،هزرێکی نوێ
دیدارت دیوانی شیعرە
ماچت بۆ من عومرێکی نوێ.

# شەکرە سێو

نەکەی مەنعم لە ماچی بانگی شێوان

دەبا بشکێنێ ڕۆژووم، ماچی لێوان

بەشیرینی دوو لێوت خۆشە بەربانگ

دەڵێی قەندە، بەتامی شەکرە سێوان

لە سۆزی عەشقی تۆوە بوومە دەروێش

وەلام نان، قەوم و خوێشم چوومە کێوان

بە فتوای عاشقان دیارە حەڵاڵە

هەزار ماچت، بەبێ کێشان و پێوان.

من کاوە عەبدولڕەحمان فاتیحی، لە بەهاری ساڵی 1974 لە گوندی دێلۆی سەر بەشاری قەڵادزێی باشووری کوردستان لە دایک و باوکێکی موکریانی لەدایک بووم، باوکم جگە لەوەی مامۆستایەکی ئاینی و نیشتیمانی بوو، شاعیرێکی زۆر باشیش بوو،براگەورەکەم ، خالید فاتیحی وەک مامۆستا و براگەورە هەمیشە پشت و پەنام بووە لە کارە ئەدەبیەکانم و هاندەری سەرەکیم بووە، خاوەنی بروانامەی بەکالۆریۆسم لە یاسایی گشتی، ماوەی دە ساڵ ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بووم. کاری رۆژنامەوانی زۆرم کردووە لە رادیۆ و تیڤی و رۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان، بە دەیان بابەتم لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە. یەکەم کاری وەرگێڕانم ساڵی 1998 لە رۆژنامەی رێگای کوردستان بڵاوکرایەوە، ئەوە سێیەم کتێبە کە بڵاوی دەکەمەوە رۆمانی سەربووردەی دایک، جەنگیز ئیتماتۆف لەساڵی 2019.

نامیلکەی شیعری(ماچ)لە ساڵی 2021 .

ئێستاش کۆمەڵە چیرۆکێکی غولامحسێنی ساعدی و بیرەوەریەکانی مردوویەکی عێراقی، لە نووسینی دکتۆر محەمەد رەزاپوریان،ئامادەی چاپن .

کاوە فاتیحی

kawafathe@gmail.com